3- جیهان لە چنگی ئیمپراتۆردا – ... سمکۆ عەبدوڵکەریم

بەشی سێیەم.....

بە لە بەرچاوگرتنی هەنگاوەکانی ئەمریکا بەرەو وڵاتانی ئەمریکای لاتین و دواتریش ئیران و پاشان ئیندۆنیزیا وەک سەرەتایەکی نوێ لە سەرهەڵدانی نەهامەتی و چەوساندنەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بە چڕبنەکی دیکەی جیا لە سەردەمی داگیرکاری سەربازی، لەو تێدەگەین کە سیاسەتی نوێی ئەمریکا وەک ستراتیژیەتێکی تازە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دەست پێدەکات و خێی لە ناردنی کۆمپانیاکان بۆ وڵاتە دەوڵەمەندەکان لە بواری سامانی سروشتیدا دەبینێتەوە، کە تا ئێم کاتیش خودی وڵاتەکە خۆشی هیچ سوودێکی لەوەرنەگرتبوو، دیارە هەموو ئامانجەش وەک جێبەجێکردنی ئامانجگەلێک کە خێی لە پەڕۆکانی وەک کارەبا و ئاو و تەندرستی و پەروەردە و رێگاوباندا دەبینیەوە، کە سەرەنجام لەم رێگایەوە کۆمپانیاکان لە نەویاندا ئەوانەی رۆلی بکوژی ئابوریان دەگێڕا زیاتر بەدوای جێبەجێکردنی ئەو پلانانەوە بوون کە لە بنچینەدا بۆی هاتبوون، ئەرکی هەندێکیان لە نێو کۆمپانیادا ئەوە بوو کە لە کاتی رەتکردنەوەی بەرنامەو پڕۆژەکانیان، یان تێگەڕە دروستکردن بیان، لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەی کە بیان چووبوون، یان هاوڵاتیانەوە، ئەوان پەنا بەرنە بەر هەڕەشەکردن و لە خشتەبردنیان، بە ئامانجی ڕازیکردنی سیاسیێکان و ئەو هاوڵاتیانەی ئامادە نین بچنە ژێرباری سیاسەت و خواستی کۆمپانیاکە. دیارە ئامانجی کۆمپانیاکانیش لە بنەڕەتدا ئەوە نەبووە کە دەیانەوە خزمەت بەو وڵاتەو خەڵکەکەی بکەن، بەڵکو ئەوەی ئامانجیان هەڵەشینی سەروەت و سامانی ئەو وڵاتانە و خستنە ژێرباری قەرز بووە، بە ئەوەی بە هەمیشە بکەونە ژێر باری داوکاری و خواستی ئەمریکا و هەرگیز نەتوانن پێچەوانەی ویستی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەنگاو هەڵێنن.

وەک هەنگاوی یەکەمیش هەموو ئەو هەنگاوانەی ئەمریکا بە لەدانی پێگەی تەوژمی شیوعییەت بوو، لە سەرتاسەری جیهاندا. لە چوارچێوەی ئەو سیاسەت و تێگەیشتنەی ئەمریکا بە کۆنترۆلکردنی جیهان دەردەکەوێت ئەمریکا نەخشەڕێگاکەی هەڵەنجراوی ئەو پلانەیە کە پەدەوترێت پلانی پێنجی (خگێ خمسیێ)
بۆیە دەبینین لەم ماوەیەدا، ئەمریکا بە هیچ شێوەیەک هووبڕووی

بزووتنەوە ئیسلامییەکان نەبوونایە، بەکو بە شۆڕشێکی ناڕاستەوخۆ یارمەتیدەری یارمەتیدەرەکانیشیان بووە، یان هەر هیچ نەبێت چاو پۆشی لێو وەاتانە کردوە کە بە هەموو شێوەیەک هاوکاری بزووتنەوە ئیسلامییەکانیان کردوە لە سەروی هەموشیانەوە عەرەبستانی سعودی، کە لەم سەردەمدا، بە تایبەتی کاتێک یەکێتی سۆڤیەتی جاران بە پشتیوانی کردن لە رژێمی ئێو دەمی ئۆفغانستان هەڵزی سەربازی هەنابووە ئۆفغانستان و بە هەموو شێوەیەک بەرگری لە سیستمی سیاسی ئێوکاتی ئۆفغانستان دەکرد.
لە بەرامبەر ئێودا و لە چوارچێوەی ئێو نەخشە ڕێگایەی ئەمریکا کە بە چەسپاندنی هەیمەنەی خۆی کەشابووی"ئارەزوی خۆی نیشاردەوە لەوەی بنەماڵەی سعود لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم، لە شەڕی ئۆفغانستان لە دژی شورەوی پارە بە ئوسامە بن لادن بدەن، دیارە ریاز و واشنتن پێکەوە نزیکەی سێ ملیار و نیویان دا بە جەنگاوەرە موسلمانەکان".
هەوەها دوای ڕووداوەکەی 11-ی سپتیمبەریش بەڵگەیەکی گەورەی پەیوەندی ژێر بە ژێری نێوان ریاز و واشنتن دەرکەوت، کە ساڵی 2003 گۆڤاری "ڤانیتی فیەر" ڕاپۆرتێکی بە ناونیشانی (ڕزگارکردنی سعودیەکان) بڵاوکردەوە و باس لە پەیوەندی بنەماڵەی بش و بنەماڵەی سعود و بنەماڵەی بن لادن دەکات .

بە هەی ئێوەی کە ئەمرێکا خاوەنی فەلسەفەیەکی فیکری و ئایدەلۆژیایەکی دیاریکراو نەبووە، هەمیشە بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی لە سەرووی هەموو بیروباوەڕێکەوە بینیوە، هەر لەم چوارچێوەیشدا هەڵسوکەوتی کردوە، تاکە فەلسەفەیەک کە خۆی بە خاوەنی زانیوە و جاروبار لێرەو لەوێ لەسەری هەڵداوەتە، پێسەی دیموکراتی و بنەماکانی مافی مرۆڤ بووە، بەڵام ئەمڕۆشیان قەت نەبەتە ڕێگر لەبەردەم گرتنەبەری هەر جۆرە ڕەوشوێنێک بە گەیشتن بە ئامانجەکانی، وەک ئێو وەاتە کەمێنیزمانەی یان ئیسلامییانەی، کە خۆیان بە بیروباوەڕەکی دیاریکراوەوە بەستەتەوە، ئەگەر هەندە لەو بزووتنەوانە، بەڵاستیشیان نەبێت، بە ئێوەی ماهییەتییان دەرنەکەوە ناتوانن زۆر ڕاشکاوانە، هەنگاوی پێچەوانەی بیروباوەڕەکیان هەڵبژێن، لانی کەم بە ئێوەی ئێوانەی بەڵاستی بە هیوایەوە بگەڕێیان کەوتوون، هەر بە دەوریانەوە بمێنن، بەڵام ئەمریکا قەت خۆی گیرەدەی وەها گرفتێک نەکردوە، ئێوەی هەیە هەر ئێوەندەیە کە دەگوترێ ئەمریکا ڕاستگۆ نییە لە بەرامبەر بە دیموکراتیکردنی جیهان و پاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ، کە هەمیشە وەک دروشمێکی زۆق بەووی خۆیدا هەڵواسیوە.
ئەگەر خەمان بە دوور بگرین لەو تێگەیشتن و ڕەخنەگرتنە

تەقلیدیانەی سەدەی رابردوو، کە بەشێکی هەرەگەورەی ئایدۆلۆژیایەکی چەق بەستوو بوو، بەشێکی تریش زیاتر پەیوەندییان بە جۆرێک لە ملمانێی توندو ستراتیژی قوتبەکانی دونیاو وڵاتە زلهێزەکانی ئەوروپا هەبوو، بە ئامانجی کۆنترۆلکردنی جیهان و هەڵەشینی سەروەت و سامانی گەلانی بەدەستهات، بۆیە دەکرێ لە ئێستادا لە دەرەوەی ئەو جۆرە تێگەیشتنە ئایدۆلۆژی و بۆرژوەوەدخوازییە بەرفراوانەی جاران، هەستنگاندن بە سیاسەت و هەیمەنەی ئەمریکا بکەین بە سەر جیهاندا.
بەومانایەی کە دەرکەوتنی ئەمریکا وەک وڵات و هێزێکی کاریگەر لە جیهانی دوای جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی زۆر لەمانەوە دوور نییە، بە تایبەتیش لە دوای جەنگی دووەمەوە کە باوەڕی سنووردار سەرکەوت بەسەر باوەڕی گشتگیردا، کە خۆی لە ئایدۆلۆژیادا دەبینیەوە، "فاشیەت و نازیەت" وەک سەرەتا و دواتریش "شیوعیەت"

بە تایبەتیش کاتێک لە دوای جەنگی دووەمەوە ئەمریکا "پێژۆی ماشال" ی راگەیاند، کە خۆی لە خێدا راگەیاندنی ئەم پرۆژەیە لە لایەن "جەنەرال جۆرج ماشال" ئاماژەیەکی زۆر ڕوونی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ئەمریکا بوو، لەبەرامبەر وڵاتانی ئەوروپی کە تا ئەو دەمە، ئەمریکا هیچ دەمەک وا دەرنەکەوتبوو، واتە دەست درێژکردنی ئەمریکا بە یارمەتیدانی وڵاتانی ئەوروپی، لە ڕووی ئابوورییەوە، بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوەی ئەورپای وێرانی دوای جەنگ، نیشانەی ئەوپەڕی بایەخی ئەمریکایە بە لاینەی ئابوری، کە دواتر بە فراوانکردنی ئەو ئابوورییەی لە ڕێگەی کەمپانیاکانی ئاوەدانکردنەوە و گەیاندنی پێژەی خزمەتگوازارییەوە، پەلی هاویشت بە وڵاتانی بەدەستهاتی خاوەن سامان و خستنیە ژێر رکێفی خۆیەوە.

خەپیشاندانەکان لە نەوان خەڵك و خەپیشاندەرانی قەلابی … عەلی

مەحمود محەمەد

هەموو ئەوانەی وەك روحانی و زیری تر بەوانەی لای خۆشمانەوە خۆپیشاندان و ڕاپەڕین بە مافی خۆیان ئازانن, لە پێ جێستەی خۆپیشاندەران دەکەنە شەقامەکانی خوێن لەوکاتانەی دەبێتە ڕاستی و مەترسی بە سەر بەرژەوەندیەکانیان دروستە کات, بە بەهانەی دوژمنانی دەرەوەو لەبار نەبوونی کاتی خۆپیشاندان و بەکارهێنانی زەبرو زەنگ و ئاسایشی هاووڵایان و پاراستنی سەروەت و سامانی خەڵك و حکومەت و چەندین بەهانەی کە, ئێران دەستی خستۆتە ناو دەیان وڵاتەوە کەچی باسی دەست تێوەردانی دەرەوە دەکات, ئەوەندی دەستی دەرەکی ئەمانی جوڵاندووە, هێناویانیەتە سەما کەسی نەجوڵاندووە,خەیان بە ملیاران دەدزن کەچی زیانی هەزاران خەڵکی لەسەر کوژن, بەهانەکان و رستەکان دکتاتۆرەکان هەموو یەکن بە سەرکوتکردنی خەڵك, پێش ئەوەی مامۆستا هەرش لە کەیە مائئاوایی بکات, لە لایەن دەسەڵاتدارانی حیزبی شارەوە وترا لە کەیە بریندارەکان بە گولە نەپەکراون, کەچی لە پێ تەرمی ئەو مامۆستایە کوردستانی هەژاند, لینین راستی وت"سەرمایەداری لە کاتی ڕونەق لیبراڵیەت و لە کاتی قەیران دکتاتۆریەت پەیرەو دەکات".

لە ڕۆژانی رابردوو شەپەڵکی خۆپیشاندان ناوچەکانی زانی سۆزی گرتەوە, خۆپیشانەکانی ئەمجارە جیا لە پێشوو ئەکتەری زیاتر بەشداری تێدا کرد لە پشت ئۆفیسەکانەوە, بەشکیان لەوانە بوون لە وەرزی پێشووی خۆپیشاندانەکان حاکم بوون, وەلە مرۆڤکانی سەر جادە هەر دوبارەی مرۆڤکان پێشوون, بە هەندەك پڕاوڕزی بچوکەوە, هەر ئەو مرۆڤانەن ئەمڕە لە سەر جادەن و سبەی لەسەر سندوقەکانی دەنگدانن و خەڵکە نەرنە پشت مزگەکان بە حوکمڕانی, هەمیشە مرۆڤکان سەر جادە, ئەوانەی پشت مزگەکان دیاریدەکەن, دواجار ئەوانی پشتی مزگەکان ئەوان دەنێرنەوە سەر جادە, ئەم پرسیە هەمیشە لە دوبارە بونەوەدایە, جادە مز بەرهەم دەهێنێت و مزیش جادە, وەلە هەمیشە سیناریەکان بەم شێوەیە دوبارە نابنەوە, جاری وا هەیە ئەلکترۆنکی شێت لە سستەم هەڵگەڕێتەوە, ئەوەی نکراوە دەیکات, ئەمە ناوی دەنین شەڕش.

خۆپیشاندان جاری وا هەیە هەزی هەڵگیرسێنەریشی لە گەڵ خۆیدا دەسوتێنێت لەو کاتانەی گەورە دبێتەوە ورق و قینەکان سەیتەرە ناکرێت بەسەریدا, مرۆڤ نەردراوەکان بەرگەی شەپەڵی جەماوەرو خیزشە ملیۆنیەکان ناگرن و پشت مزگەکان ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن,

ئەوانیش لە گەڵ خۆیدا رادەمالێت, بۆیە هەموو کات ئەپۆزسیۆنی بەرجوازی کۆ ناوو رەنگیان جیایە, ئەمانە یەکن تەنها وەک حزبا پەستی خۆیان گەیوە لە کاتی پەویست, ترسی لە هانا بردن بۆ شۆڕشی هەیە, خوازیارە ململانێکان لە ژورە تاریک و داخراوەکان یەکلا بکرێتەوە, نەگاتە ئاستی جادە, تەنها لە کاتی بەرژەوەندی و هەڵبژاردنەکان نەبێت.

لە کوردستان چی دەگوزەرێت ئایا ئێم خەپیشاندان و ناڕەزایەتیانەی دەگوزەرێت لە کوردستان ململانێی تشبێلییەکانە " خەزانە خاوەند سەرمایە گەورەکان" بە پشکی زیاتر لە دەسەڵات و دەستکەوتی زەرتر, یان ویست و داخوازی خەڵکە بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی پۆ لە چەوسانەوەی 26 ساڵ لە دەسەڵاتی بەرجوازی کوردی,26 ساڵ دەموچاوەکان گەڵان وەڵە شۆوازی حوکمڕانی و بەرنامەی ئابوریەکان نەگەڵان, کە گروپێك بەهێز ئلیگارشی و تشبێلییەکانی ئێم هەرەمەی بەرهەم هێنا, یاخود دەستوەردانی ئێران و عێبادییە بۆ سینەوەی هەرەمی کوردستان و کۆتایی هێنان بۆم دومێنۆی کە ماوە لە بەردەم پرۆژەی کۆماری ئیسلامی شیعە لە عێراقدا, یاخود جوڵەی سەرتایی پڕاوێزخراوەکانی کۆمەڵگایە لە بەکارانی گەڕەکە هەژار نشینەکانە دژ بە سەرمایەداری بە بوونی هوشیاری چینایەتی(چونکە بە پێچەوانەی وەتانەوە گەڕەکەکانی قەراغ شاری ئێم وەتە بۆشکیان بونەتە فیرعەونەوەکان, بۆیە ناڵێن هاووەتیانی قەراغ شارەکان بە مانا جیهانییە باوەکەی), یاخود شۆڕشی باڵکانن لە خە ئامادە کردن بۆ هەڵبژاردن, دەشێت هەموو ئێم کارەکتەرانە ڕۆڵی خۆیان هەبێت لە ناڕەزایەتییەکان, وەڵە لە شۆوازدا هەژاران بەڵێوبەری مەیدانی و کارەکتەری سەرەکین لە نمایشەکۆ و هەستەکی خەرسکیان هەیە بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی, هەموو دەیان لای دادپەروەریە بەوانشۆوە پشت مەزەکان ناردویانن, تەنها جیاوازیان ئۆوێیە هەموو لە پێناو خۆیان نەهاتونەتە مەیدان, بۆیە پەویستە خەپیشاندانەکان وەك قوتابخانەی راهێنان سەیر بکرێت, بە بوونی ئەوانشۆوە کە سیناریستەکانی خەپیشاندەرە درەزنانەکانیش لە ژورە داخراوەکانەوە بۆ مەسیج پەیامی خۆیان دەگەیێنن و چاوەوانی پاداشتی حکومەت و وەتانن.حیزبەکان ئۆوکاتە شکستیان خوارد کە شۆقامیان بۆ حکومەتی رزگاری نیشتمانی پی نەجوڵا, وەڵە کاتەك هاتە سەر نان و کارو ئازادی, ئەوا جەماوەر لە شۆقام شۆڕیان دا, خەڵك بەزار بووە لەوی موچە باڵای درەزنی تازە بەرهەم بهێنێتەوە, بۆیە ئەمانیش کۆکیان لە خرۆشانی خەڵك وەرگرت, لە بری هەوشاندنەوەی حکومەت ئۆوجا باسی روخانیان کرد, روخانی سەرەوە, نەك هەڵتەکانی سستەم,

واتا ئەوان لە بری ئەمان بە گەندانکاری.لەم وەتە هەر جارێ یەکێك لە شەقام و سەراکانەوە خێ تاقی دەکاتەوە,دوای هەر خۆپیشاندانێك هەر جارێ بە نەرێ سیاسیەکی گەندە لە بەرگی ئۆپۆزسیۆن ناڕازایەتیکانی هەژاران و پەراوێزخراوان دەدزێت لە ئەنجامدەرانی و لە ژورە تاریکەکانی هەڵپەرستی سیاسی مامەڵەی پێوە دەکات,63 رۆژی سەرا ئەزمونێك بوو بۆیان,هەموو جارەکان رەگەزنامەکان دەگۆڕن, بەرد وەشێنەکانی ساڵی 2007ی کۆلار دەبنە ئۆپۆزسیۆن لە 2011, تەقە کردەکانی سەرا لە 2011 , لە 2017 دەبنە پارێزەرانی خۆپیشاندەران.ئەمە کە سوپایەك بەکارمان هەیە, ئەگەر لە ئەکراین بەکارەکان بە 50 دۆلاری رۆژانە شەشی پرتەقاڵیان سەر خست, ئەوا لای ئەمە تەنها بە دوو درێی سیاسییە هەڵپەرستەکان هەڵخەڵەن, ئەمە دوبارە دەبێتەوە تا دەگەینە ئەو قۆناغەی دەردە کۆت ئەم دەموچاو حیزبانەو پەرلەمان و پەرلەمانتار و وەزیرەکانیان چارەسەر نین,نابێت ناڕازایەتیکان بە گەندانی دەموچاو و ڕەنگەکان تێپەڕێت, سیاسەت لای ئەمانە 4 ساڵ نیو رۆژە, کەمەك فشەکەری موچە باڵا هەبژێرن, رۆژانە بە درەکانیان شاشەکانیان بە بازنەنەوە, هەموو پێش چوار ساڵك جارەکی دیکە بە کەمەك درەو لە پێستی حەربادا ئامادە دەبنەوە, هەرجارەی ڕەگەکانیان لە شانگریلاکە دەگۆڕێت, بەشکیش لە نووسەران و چالاکوانان تەڵەی خەیان لە وێنە گرتنی پشتی ناڕازایەتیکانەوە ناوەتەوە بە سەرکەوتن بە پەرلەمان و سیفی پێشکێشکردن بە حکومەتی داهاتوو لە ڕەگای ناڕازایەتیکان و دەرچوون لە شاشکانەوە بە قسە ئاگراویکانیان, خۆپیشاندان و ناڕازایەتی پێینی کۆگەی سەرکەوتنە بە پلەو پێست بۆیان, وەلە کردارە ئاگراویکان بەر ئەوانە دەکەوێت نەخشیان بە سەرکەوتن لە ڕەگای ناڕازایەتیەوە نییە و لە ئەنجامدا دەبنە سوتەمەنی, ئەمە چارەسەر نییە, نابێت ڕەگا بدرێت سیناریکان دەوبارە ببنەوە, دەبێت سستەمی سیاسی و ئابووری لە سەر بنچینەی مرۆڤ سالاری و دادپەروەری کەمایەتی بگۆڕێت,ناڕازیان هەژاران و بەکارانن, هاووڵاتی شاری ئەمانی و ڤیلا نشین و خاوەند مزرعەی میرگەپان و گۆیژە و شەقاوەو هیران و نازنین نین, دەبێت خەیان لە سیاسیەکان ئەو شارو مزرعانە جیا بکەنەوەو لە پێناو خەیاندا بێنە مەیدان.

خۆپیشاندەرە ساختە قەلابیەکان

دوای مەرگی جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا و سەرگردانیك ئەم دوو هێزە لە دوایانەوە بەجەمان داگرت, تەنانەت لە گەنانی

تەرمەکانیان لە زەرگەتەو دەباشان و ئامادەیی هەمیشەیی تارمایەکانیان لە ناویان نەی توانی ململانێ ناوخەییەکانیان و بڕیارەکانیان بشارێتەوە, هەشتا کفنەکانیان زەرد نەبوو ناکۆکییەکان دەرکەوتن, هێزی هەڵبژاردن سەوزی جاران لە ئێستادا بەسەر 4 گروپ دابەش بووە, پێشبینی دەکرێت بە زیاتریش هەنگاو بنێت, ئەو دوو سیاسەتمەدارە کارزمایین لەبەر ئەوەی خەتی سیاسی و ئایدۆلۆژیایەك نەبوو لە پشت سیاسەتیانەوە و هیچ داهێنانێکیشیان لەو بوارەدا نەبوو, بە پێی سیاسەتی رۆژ سیاسەتیان دەکرد, لە دوای خەیان تیەری سیاسی و خەتێکی رونی سیاسییان بە جێ نەهێشت, بۆیە بە سانایی دەکرێت پشت لە وەسیەت نامەو گۆڕانکیان بکرێت, ئێستا ئەم سوپا دەنگدەرە گەورەیی ئەمان کە خەی لە نزیك 40%ی دەنگدەرانی کوردستان دەبینییەوە وردە وردە پەرت دەبنەوە لە ئێستادا بەسەر 4 دەستە دابەش بوونە(گۆران, ینك, هاوپەیمانی, نەوەی نوێ) و لە داهاتووشدا دابەش بوونی زیاتر بەخۆوە دەبینێت,ئەمانە بە هەمان رتمی سیاسی گۆران دەیانەوێت دەنگ کۆبکەنەوە, لە یەك پارتی پێپلستییەوە بوونە بە چوار, لە بیریان چووە نەوشیروان مستەفا لەو دەڤەرە سانع الملوك بوو نەك ملوك,کەچی ئەمان چاویان لە کورسی ملوکە, بۆیە ئەوان ناتوانن سیناریۆکەی ئەو بە سانایی دوبارە بکەنەوە, چوار هێزی پێپلستی هاوئامانج نەك قوتابخانەی جیا لەناو جوگرافیایەکی بچوکدا کارەسات دەخولقێنن تا یەکتری دەدەن بە زەویدا, چونکە پێپلیزم بە مزایەدەی سیاسی ناژێت, پێویستیان بە بەرز کردنەوەی سەقفی موزایەدەکانە, پێویستیان بە بەرهەم هێنانی بەردەوامی موزایەدەیە, ئەمرە هەموو بەرامبەر پارتی دەگرن, لە کاتی هەڵبژاردن و کورسی دابەشکردنی ناوچەکە دەبێت ئەسکی یەکتر بشکێنن, بارگا سوتاندنەکانی کۆیەو رانیە ئاو خواردنەوەیە لە چاویەوە, بای پێش بەفرە.لە ئێستا لەم وەرزی چون بە هەڵبژاردنە هەموو ئەمانە, بە تایبەت دوو لیستە نوێکە پێویستیان بە شەقام و هەژارانە بە کەکردنەوەی دەنگ, دەنا شاسوارەك ئۆکاتەی 100 دۆلار لە گیرفانی نەبوو شەقامی نەبینی, ئێستا بە 600 ملیۆن دۆلارەوە شەقامی بە چییە؟؟؟, ئەگەر مەسەلە دەنگ و کورسی و پەرلەمان و وەزارەت و ئیمتیازاتی زیاتر بە پرۆژەکانیان نەبێت, بەرجوزای هەمیشە سیاسەت وەك پرۆژەی بازرگانی سەیرە کات نەك بە خزمەتی هەژاران, وشەی بزنس و قازانج و سەرمایەو بەرژەوەندی هەمیشە لە سەر زارو لە کارکانیان رەنگ دەداتەوە. بەشەك لە مملانێکان و ناڕازایەتییەکان ململانێی ئەم لایەنانەیە بە دەنگ, لە لایەکی تریشەوە, لە ناو خەی ینك و گۆران تا ئێستا کێشمە کێشکان بەردەوامن, ئەوانیش بە سەرکەوتن بەسەر

باڵکانی دیکە پێویستیان بە شەقام و وتاری ئاگراوی بەرامبەر بە پارتی هەیە, لە بیرمان نەچێت فەلسەفەی بوونی قوتابخانەی جەلالیەت دژایەتی مەلایەتە, ئەمەی لە دامارێت هیچی لە نامێنتەوە, بەیە بە راکیشانی دەنگدەرانی سۆزی رابردوو گرتنە بەری ئەو تاکتیکە زەرورە, کە زیاتر دژایەی بکات, لە میراتی دەنگدانەکان زیاتری بەرە کەوێت, ئەمە نابێت زەر لە بزنس سیاسییەکانی ئەو لایەنانە بچونیان وا نییەو پێشتر نزیك بوونە لە ماڵباتی بارزانییەوە, بەیە ئەمان ئەم چەند مانگە پێویستیان بە شەقام و ئەم شێوە گوتارەیە, دوای هەڵبژاردنیش ئەوجا پێویستیان بە ماڵباتی بارزانییە بە بەشداری حکومەت و وەرگرتنی پێست و پڵە.

هەڵکاننازایەتیەکان ئەمجارەی کوردستان, بەهەی بەشداری ترسنەکانەی لایەنە سیاسییەکانەوە, کە راستەوخۆ دەیان وت ئەمە پشتیوانی نانازایەتی ئاشتیانەین, کەچی بە چەك بەشداریان تێدا دەکرد و سەرکردەکانیان لە ژورە داخراوەکانەوە رەنەونیان دەدا و بە ئاشکراش پاکانەیان دەکرد لەوەی خەڵکە نەك ئەوان, سەرکەوت خەیان خاوەندین و ژێر کەوتیش ئەوا ئیدانەی دەکەن و بە گەرە شەوینی دەناسێنن, حیزب دەبێت خەی بانگەوازی مانگرتن و خەپیشاندان بکات و سەرکەکەی لە پشەوەی خەپیشاندانکانەوە بێت و بەرپرسیاری سەرکەوتن و ژێرکەوتنی بگرێتە ئەستۆ, کەچی لای ئەمە هەموو هاشا لە ڕەکخستنی خەپیشاندان دەکەن و هەمووش تۆندو تیژی ڕێت دەکەنەوە,کەچی وەنەی چەکداری ئەندامی حیزبیش گیراوە و سزاشیان نادەن,هاوکات لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە فەر بوونە خەیان بارگای خەیان بسوتێنن, ئەمە هەموو داهێنانکیانە.

لە گرنگترین هەڵەی خەپیشاندانکان بریتی بوو لەوەی ئەوانەی شەی کوتلەو بان و حیزبە هاوئامانجەکانیان دەکرد نەك نان و ئازادی دور نەخرانەوە لە خەپیشاندانکان, بەکار هێنانی زەبرو زەنگ بەرامبەر بە هەندەك دەزگا کە هیچ پەیوەندی بە سەرکوتکردن و گەندەڵیەوە نەبوو, هانی هاتنی سوپای داگیرکەری عەراقیان دەداو جار جارەش بژی عەبادیان دەوتەوە, پێنا بردنە بەر عەبادی و بە هێنانی هەز لە لایەن هەندەك پەرلەمانتاری کوردەوە لە بەغدا سیمای خەپیشاندانکانی ناشرینە کرد, دەبوایا ئەو دەنگە ناشازانە سەرکوت بکرانایەو لە لاین خەپیشاندەرانەوە وەڵامی دەستبەجێ بدرانایاتەوە, دەس تێوەردانی دەرەوە لە ڕەگای هەندەك لایەنەوە, شەی کوتلەو حیزبەکان بە هەڵبژاردن و تەکەکردنی بە نانازایەتیەکان, هەموو ئەم کەموکوڕیانە پێوەندیان بە نانازایەتی خەکەوە نەبووە,

هیچیشی پەیوەندی بە داخوازەکانی ئەوانەوە نەبوو, بەڵکە شێوەی حیزب و باڵەکان لە گەڵ خەیانا هەنیانە ناو خەپیشاندانەکانەوە, واتا حیزب بوو بە بەڵا بە خەپیشاندانەکان نەك هێز.نەبوونی بەرنامەی رون, یەك هەڵوێستی, داواکاری هاوبەش, تەنسیق, دیاریکردنی سەرکردایەتی بزوتنەوەکە, رانەهێنانی گەل لەوە پێش لە رێگای نادیاریتی ناوچەییەوە, قەتیس مانەوەی لە سنورێکی جوگرافیادا,دەرنەکردنی تەکدەرانی حیزب…ئەمە هەڵەی خەپیشاندەران بوو.

ئەم حیزبانە هەموو پاڵەوان بوون لە زەنی سەوز, وەلێ لە هەوڵەر هەموو پاڵەوانە بەفرینەکانیان تواینەوە, تەنانەت ئەو بانگەوازانەی دەیانکرد, خەشیان ئامادەی کات و شوێنەکەی نەبوون, ئەگەر جاران هەوڵەك دەدرا لە دەرەوەی ئەوان,ئەمجارە بەهەی ئەو هەڵەیانەی باسکران, ئەو جوڵە فەردیانەش نەکران. راپەرینەکان ئەو کاتە مەزن دەبن ئامانجی مەزن و داواکاری مەزنیان هەبێت بەرامبەر بە ستەم و بێدادی و نادادپەروەری و جیاوازی چینایەتی, خەونی ئەمڕۆ واقعی سبەی, بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە شەرش دروستە کات و شەرشیش مەژوو, بەیە پەویستە خەونەکان گەورەتر بن لە گەینی دەموچاوەکان و هەسوکەوتی روکەشی دەسەڵاتداران, لە جیاتی گەینی ناو دەموچاو ئەخلاق, پەویستە سستەم بگۆڕێت, ئەوەی باسی ناکرێت لەم هەرەمە ئەم دەستەواژە ترسناکەیە کە گەینی سستەمە.

009647503714620

چیخەف: من ژنەکم دەوێ وەك مانگ وابێت و هەموو شەوێ بەسەر سەرمەوە نەبێت

حەیدەر عەبدولەحمان

بە سەرو ریشە ماش و برنجییەکەیەوە هەمیشە جێگەی سرنج راکێشانی

ئافرەتان بو، ئەگەر یەکێکیش لەوان لێی پرسیبوایە (ئەرێ کابرا تێ بە تەمای ژن هێنان نیت ؟) شەرم دای دەگرت و رەنگی زەرد هەدەگەڕا، دەیویست هەر چۆنێ بێت خۆی لە تەنگەتاویەکە رزگار بکات و بە کورتی وەڵامی دەدایەوە و دەیگوت: "ئەی قابیلە بە تەما نەبم ؟حەتمەن بە تەمام" ..کەچی راستیەکەی وا نەبوو، ئەوەندە بیری لەو پرسە نەدەکردەوە، چونکە ئەو دوچاری نەخۆشییەکی کوشندە ببوو ، ئامادە نەبوو ئەو خەمانەی خۆی لە گەڵ هیچ کەسێکی تر دابەش بکات، ئەوەتا کاتێ تەمەنی دەگاتە سی و پێنج ساڵی ، لە 1897 لە نامەیەکیدا بۆ هاوڕێ ی ڕۆژنامەنووسی (ئەلکسی سۆفڕین) باس لە هاوسەری نموونەیی دەکات و دەنووسێت :

تۆ داوای ئەوە لەمن دەکەیت ژن بێنم، باشە ژن دێنم وەك تۆ ئارەزووی دەکەیت، بەڵام منیش مەرجی خۆم هەیە بۆ هاوسەرگیریی، من ژنێکم دەوێ وەك مانگ وابێت و هەموو شەوێ بەسەر سەرمەوە نەبێت .. ".لە زۆر شوێنی تردا نا بە دڵی خۆی بۆ نزیك بوونەوە لە ژن نیشان داوە، تا ئەو رادەیەی نەفرەت لە هەموویان بکات و دەڵێت: "دنیا جوانە..بەڵام شتێ هەیە بۆزەوەری کردووە ئەویش ئێمەین..
ئەو وا خولقابوو هەمیشە چێژ لە بە تەنیا بوون و سەربەخۆ بوونی خۆی وەربگرێت .. تا ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار ئاشنا بوو بە ئەکتەری بە ڕەچەڵەك ئەڵمانی (ئۆلجا لیێنارد‌فنا کنیبر)، کە وەك ئەکتەرێکی سەرەکی بەشداری لە دوا بەرهەمی شانۆیی ئەودا کرد،ب ۆ یەکەم جار لە ئافرەت ئاڵا، ئەو ئافرەتە تەمەنی دەساڵان لە چیخەف بچووکتر بوو، بەڵام چیخەف خۆی لە دەست ئەو تەنیاییەی خۆی رزگار کردو بە نهێنی هاوسەرگیری لە گەڵدا ئەنجام دا ..

لەو کاتەی کە پەیوەندی ئەڤینداری لە گەڵیدا هەبوو، لە دوو شانۆگەریدا ڕۆڵی تایبەتی بۆ ئەو دیاری کرد ، لە شانۆیی لالە ڤانیا ـ ڕۆڵی ئەلینای بۆ دانا ، لە سێ خوشکەکانیش ڕۆڵی (ماشا) ".بەڵام بەر لە ئەنجامدانی پرسەی هاوسەرگیری نامەیەکی بۆ نووسیووەو دەڵێت: "زۆر لەو پرسە تەقلیدیانەی هاوسەرگیری و هەگرتنی شووشە شامپانیاو زەردەخەنەی درزنانە دەترسم .
لە ماوەی هاوسەرگیریشی دا،ئەو بە هۆی ئەو نەخۆشیەی دووچاری ببوو، ئەوەندە لە گەڵ ئۆلجا بە یەکەوە نەبوون، بە هۆی سەرماو سۆڵەوە چیخەف بەرگەی نەدەگرت لە مۆسکۆ بژی و ئۆلجاش هیچ ڕۆڵێکی لە نمایشەکانی ڕەت نەدەکردەوە بە هۆی نەخۆشی هاوسەرەکەیەوە، بۆیە دابۆانی زۆریان هاتە ڕێ، ئەگەرچی هاوسەرگیری کردبوو، بەڵام زۆربەی کاتەکان بە تەنیایی و نووسینی تێکستی شانۆگەریەکانی بە

سەر دەبرد، لە نامەیەکی تردا بۆ ئەلجا دەڵێت :
بە درۆزایی تەمەنی هاوسەرگیریمان قەت رەخنەم لە تۆو نواندنەکانت نەگرتووە، بە پێچەوانەوە دڵخۆش بوومە بەوەی تۆ بە دوای گەیشتن بە ئامانجەکانت دا دەگەڕێی ، هەر وەك بە گوناهباریشت نازانم کە ناتوانی بەرگەی سەرما بگری و لە گەرمدا بژی، بەڵام ئەمە هەردووکمان نموونەیەکی جوانی هاوسەرایەتی نیشان دەدەین کە هیچمان ڕێگر نین لە بەردەم ئەوی ترماندا بۆ کار کردن، ئەگەر پێکەوەش ناژین ئەمە گوناهی تۆ و گوناهی من نیە، ئەمە گوناهی قەدەرە کە میکرۆبێکی کوشندەی لە جەستەی منداچاندووە و تۆی خۆشەویستی بۆ هونەریشی لە دڵی تۆدا.

ئەو چەند ساڵەی لە گەڵ ئەلجا بوو ،ڕۆژانێکی ساردو سۆ بوون، لە چەندین بۆنەدا چیخەف ئەو ساردو سۆیەی نەوانیانی بە نامە باس کردووە، ئەوەتا دەڵێت : حاڵەتی تەندروستیم باش نیە و لە پیرەمێردێکی بە ساڵاچوو دەچم ، ئەمەش مانای ئەوەیە کە تۆ مێردێکت دەست نەکەوت، بەکو پیرەمێردێکی بە ساڵا چوو ..
ئەلیجا ی هاوسەریشی لە هەموو کەسێ زێتر ئاشنا بە چیخەف ببوو ، بۆیە ئەو دەرلابارەی چیخەف دەڵێت : ئەو هەموو کەسێکی خۆش دەویست بەوانەی باشن و ئەوانەش خراپ و پڕ لە هەڵەن ..هەموو ئارەزووەکی نووسین بوو، هەمیشە بە دوای شوێنێکی ئارامدا دەگەڕا بۆ ئەوەی لە کێشەو ئاژاوەکان دوورە پەرێز بێت و بنووسێت ..
ئەلجای هاوسەری کە پێنج ساڵی هاوسەری لە گەڵ چیخەف دا بە سەر برد، بە هۆی کارە شانۆییەکانی لە شانۆی مۆسکۆ،چیخەف بە هۆی سەرماو نەخۆشی لە یاڵتا هەردوکییان لە تەنیایی دا دەژیان، بەڵام هەرگیز ئەو لێك دابڕانە لە خۆشەویستی نێوان ئەو دوو هاوسەرەی نەگۆڕێ، دوای ماڵئاوایی کردنی چیخەفیش، بۆ ماوەی دوو مانگ بەردەوام بوو لە سەر نووسینی یاداشتەکانی لە گەڵ چیخەف دا .
ئەوەتا لە 19 ی ئۆگستۆسی 1904 لە یاداشتێکی دا دەنووسێت:
ئازیزەکەم لە کۆتاییدا توانای ئەوەم پەیدا کرد کە نامە بۆ تۆ بنووسم، من ئێستا هەست دەکەم زۆر لەمەوە نزیکی، ئەگەرچی زۆر لێتەوە دوورم،من ئێستا نازانم تۆ لە کوێ ی،زۆر چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بووم کە ڕۆژێك بێت و بتوانم بۆ تۆ بنووسم .

ئەمڕۆ چوومە مۆسکۆو سەردانی گۆڕەکەتم کرد ، بەڵام هەرگیز ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم کە تۆ لە ناو زیندووەکاندا نەمابیت ..
من ئێستا زۆر بە پەرۆشی ئەوەم بێت بنووسم ،بۆ ئەوەی هەموو شتێکت بۆ باس بکەم ،دوای ماڵئاوایی کردن و ئەو چرکەیەی دێت لە لێدان

کەوت .
من ئێستا وا هەست دەکەم کە تۆ هێشتا لە ژیاندا ماوی و لە شوێنکا چاوەڕوانی ئەو نامەیەم دەکەی ..بەڵام تازانم ئەو شوێنە کوێیە .
ئێلگا لیێنارد ڤناکنییر (1968) کە هاوسەری چیخەف بووەو لە گلاسۆف ــ روسیا لە بنەماڵەیەکی بۆ ڕۆچەڵەك ئەمانی لە دایك بووە، یەکێك بووە لەو 39 کەسانەی بە دامەزرێنەری شانۆی مۆسکۆ دادەندرێن، بەلای ستانسلافسکییەوە یەکێك بووە لە باشترین ئەکتەرانی ئەو شانۆیە.
بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1898 لە گەڵ چیخەف یەکتریان ناسی، کاتێ لە نمایشی باڵندەی دەریا ڕۆڵی سەرەکی بینی،پاشان لە شانۆیی (سێ خوشکەکان) ڕۆڵی ماشاو ساڵی 1917 لە شانۆی مۆسکۆ بەشداری شانۆیی باغی گێڵاسی کرد.
لە ئەنجامی ئەو ڕۆڵە کاریگەرانەی ئێلگا لە شانۆی ڕووسیدا بینی ، چەندین خەڵاتی ڕێز لێنانی پێ بەخشراوە، لەوانە خەڵاتی نازناوی (هونەرمەندی گەل لە روسیا)
لە 22ی ئاداری 1959 ماڵئاوایی لە دنیادا کردووە.

ئەوەی وای کردووە چیخەف هەگری ئێلگا بێت، تەنیا نواندنەکەی بووە، کە نەك هەر لای چیخەف بە تەنها بەڵکو لای ستانسلافسکیش بە هەمان شێوە.
ئەو دوو هاوسەرە کارەکانیان لە سەرووی ڕێتینیاتی ژیانی هاوسەریەتی داناوە ، ئەو ئامانجانەی هەیان بووە بۆ خزمەتی شانۆ(چیخەف بە نووسین و ئێلگا بە نواندن) بە لایانەوە گرنگتر بووە لە هەر کێتو پێوەندێکی تر کە ببێتە مایەی سارد بوونەوە لە کارەکانیان ، چیخەف لە چەندین نامەدا ئەو حەماسە جوانەی ئێلگای بۆ نواندن بە بەرزی نرخاندووە ، وەك ئێلگاش بە هەمان شێوە هەمیشە هەموو ئازادییەکی بە چیخەف بە خشیووە و هەموو هەوڵو مەرجێکی بۆ ڕەخساندووە بۆ بەردەوام بوون لە نووسین، چونکە ئێلگا بە هۆی دەقەکانی چیخەف بوو بە ناسراوترین ئەکتەرو خاوەنی زۆرترین هەوادار، بۆیە ئەگەرچی ئێلگا خۆی وەك ئەکتەر توانستێکی گەورەی هەبوو لە نواندن دا بەڵام چیخەف یاریدەدەرێکی باش بوو بۆ بەرەو پێشەوە چوونی.

شۆڕشی کۆمۆنیستی چیە؟ … تاهیر حاجی حەسەن

ئەو لە ئێران ئەنجام دەدرێت بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمۆنیستیە، شۆڕشێک کەهیچ دەستکی دەرەکی لە پشتیەوە نیە، بەڵکو ئەوەی هاندەری سەرەکیە لەو نەوەدا، ئاستی قورسی بژێوی ئەو چینەکۆمۆنیستیە زەرینەیە کەئێژانە لەمەیدانی بەرهەمهێنانداینو کۆچی کۆنج و ماندوبونکەی بۆ خاوەن کارو خودی سەرانی دەوڵەتو خەیشی موحتاجی پاروەنانکە.
شۆڕشی ئەم جارە، ئیتر شکاندنی ئەو دیوارە بەرزەیە لەترس کەسەرانی ئیژمی ئیسلامی سیاسی ماوەی سی وهەشت ساڵە کاری لەسەر دەکەن. ئاستی هەشیاری گەلی ئێران کەی سنورەکانی ناسیونالیزم و گەلانەوە بۆ جەرکیتری ئیسلامی سیاسی تێپەڕاندەو لەگەڵ ڕوخانی ئەم ژیمە سەرکوت گەرەدا جارەکیتر جەرە دەسکەات و ژیمەکی وا جگەی نابێتەوە لەوەاتی ئێراندا.

تەنها بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمۆنیستیە بەخاوەن ئاسیەکی سیاسی هەشنەوە دەتوانێت کەی پایەکانی سیستەمی سەرمایەداری بهەنێتە لەرزەو ڕاچەکینی توش بون بەجێتە بگەیەنێتە نەومەشکی سیستەمە سەرمایەداریکەوە. بەپێچەوانەوە کەی ڕاپەڕین و هاتنەمەیدانکانی تری جەماوەری کەخاوەن ئاسیەکی هەشن و خاوەن ئێتەرناتیفکی ڕون نەبن لەوەی دوای ڕوخانی دەسەاتک، دەتوانن کام دەسەاتی سیاسی دەخەنە جگەی دەسەاتە کەنەکە، وەک ئەوەی دوای ڕوخانی ژیمی سەدام ڕویدا لەعەراقدا. لەکاتکدا خواستی زەرینەی گەلی عەراق گەلانەوە نەبو بۆ جەخستنی شەفەنیزمی مەزهەبی و قەومی، هەندەی ئەوەی داخوازی و ئامانجیان بەدەستهێنانی ژیانکی شایستە لەڕوی ئابوری و ئازادیەوە بو بۆ گشت لایەک، کاتک ئەو ئاسە ڕونەو ئێتەرناتیفی واقعی بەکۆتایهێنان بەسیستەمی سەرمایەداری بونی نەبێت یان بەرچاو ڕونی تەواو نەبێت بەسیستەمکی سۆسیالیستی، هەروەک ئەوەی لەبەهاری بەناو عەرەبیدا ڕویدا، دەبینین کەی ئامانج و خەباتی ئەو زەرینەیە دەکەوتە دەستی کۆمۆنە ئەحزاب و گروپکیتر کەهیچیان سەربەخواست و ئامانج وداخوازیکانی ئەو زەرینەیە نین و بەپێچەوانەوە لەبەرژەوندی کەی چینی سەرمایەدارکان تەواو دەبێت.

هەلومەرجی ئێستای جیهان و ناوچەکیش دەرهاویشتەی خودی قەیرانی گشتگیری ساڵی 2008 و تادێت کەی سیستەمی سەرمایەداری ئاستی

قیرانەکانی زیاتر دەبن و کەمکە دەبن لەسەر یەکترو هەژبەرەژیش باجەکەی دەبەت چینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکەش بیدات لەگشت جیهاندا. ئەو ئابووریەی کەخودی نیولیبراڵیزمی سەرمایەداری دەیکات لەجیهاندا هەر لەدەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەوە تائێستا، هەژبەرەژ دەندایەتی و وەحشیەتی هەیمەنەی بازاڕی ئازادو کەرتی تایبەت زیاتر دەکات بەسەر ژیان و گوزەرانی کەی چینکرێ وەرگرەکانەوەو بەبەردەوامیش ئاستی شکستی نیولیبراڵیزمی سەرمایەداری زیاتر دەبەت لەگشت جیهاندا. جەنگ و قەیران و بێکاری و هەژاری لەئادەبەدەر لەگەڵ دەوڵەمەندبونی لەئادەبەدەری چینکی کەمایەتی، بووتە سیمای تەواوی نیولیبراڵیزمی سەرمایەداری لەگشت جیهاندا. هەر لەوڵاتانی ئەمریکای لاتینی سەردەمی حەفتاکانی سەدەی بیستەوە تادەگاتە وڵاتانی ئەفریکاو وڵاتانی ئاسیاو وڵاتانی هەژەهەڵاتی ئەم قۆناخ، دەبینین چۆن وەک لاشەیەک بخرێتە بەردەم گورگە برسیەکانەوە ئاوای لێ کراوە. دزینی سامانی کەمەگەکان و جەخستنی دیکتاتۆرەکان و بەگەڵ خستنی هەیمەنەتی شەڕی ئابووری و دانانی وەکیلەکانی سەرمایەداران لەناوچەکانداو جەبەجێ کردنی خواست و ئامانجی شەریکاتە زەبەلاحەکانی چەک بەرهەمهێنەرو دەرمان و پەداویستیە سەربازیەکان تادەگات بەوەگەڵ خستنی سەرمایەگوزاری لەکەرتە جەراوجێرەکاندا بە چینینەوەی سەرمایەو قازانج، ئیتر لەم نەوەیشدا وەک ئیشارەم پێدا، دەبەت چینی ژێردەستەو بەرهەمهێنەرە ئاسیەکان باجە زەرەکەی بدەن.

هاتنەمەیدانی ئەم جارەی چینی کرێکارو چینوتوێژە زەحمەتکەشەکان لەئێران بەخەی بەرپاکردنی شەڕشی کەمەایەتیە بەهەمولەکدانەوەیەک. کەتای هەنان بەهەژەمی ئیسلامی سیاسی لەئێران کاریگەری تەواوی دەبەت لەسەر کەی بەناو هەیبەتەک کەئیسلامی سیاسی خواستویەتی بیسپێنێت لەناوچەکەدا بە ئیدارەدانی کەمەگەکان. یانی ئوخانی ئژەمی ئاخوندەکان، بەجارێکیترو بەهەتایە، مانای سەرنگوم کردنی ئیسلامی سیاسی دەگەیەنێت لەئێراندا.
تاچ ئەندازەیەک هەشیاری سیاسی چینایەتی بچێتە پێشەوە بەو ئەندازەیەیش خودی ئەو هەشیاریە سیاسیە چینایەتیە دەبەتە هەکارەک بەخەکخستنی چینایەتی و کارکردن لەسەر دروست کردنی پارتی پێشەو بەخودی ئەوچینەو دەست بردن بە گرتنەدەستی دەسەاتی سیاسی. ئاوا ئەتەرناتیڤەک بە چینی کرێکارو گەلانی ئێران، دەتوانێت دوریان بخاتەوە لەدەمی برسی کەی هەزە کەنەپەرستەکانی دیکەو خودی خواست و ئامانجەک کەسەرمایەداری جیهانی دەیەوێت ئەنجامی بدات لەدوای ئوخانی ژەمدا، یان لانی کەم لەم وەزعیەتەی ئێستادا بیانەوێت

ساتوسەودا لەگەڵ ژمێرەی ئاخوندەکان بکەن و لەگەیشتن بەجێبەجێ کردنی خواستی چینی سەرمایەدارانی بازاڕی ئازادا، بتوانن هاوکاری ژمێرەکە بکەن بۆ سەرکوتی شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکە.

شۆڕشی ئێران وەک هاوێیەکم لەکۆمەنتێکدا نووسیبوی بۆ وێنە بەکۆسێکیتر، ئێران شۆڕشێکی ئێستا لەمەیداندایە، وەک بومەلەرزەکەی دەربەندیخان وایە چەن داروپەردوی خانوکانی شەق وشۆ کردوو بەکێکی ئەوە نەماوە ژیانی تێدا بکرێت، ئێران شۆڕشیش لەئێراندا هەیە، پایەکانی ژمێرەی ئاخوندەکانی تەواو لەرزاندوو بەئاسانی ناتوانرێت جارێکیتر نژمێرن بکرێتەوە. بەهیوای سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەئێران و هەوشاندنەوەی کەی سیستەمی ئابوری سەرمایەداری لەو وڵاتەو جێخستنی ئابوری هەرەوزی سۆسیالیستی لەجێیدا. کەدەتوانێت ببێتە زانستیانەترین ئێتێرناتیف بۆکەی گەلانی ئێران و کاریگەری پۆزەتیفی گەورەیشی دەبێت لەسەر گشت ناوچەکەو جیهانیش، گەرچی سەرکەوتن و مانەوەی توانای لەسەرپە وەستانی ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتیەیش لەئێستای و لەسبەی ێژی سەرکەوتنیدا پێویستی بەهاوپشتی نەونەتەوەیی بزوتنەوەی کرێکاری و خودی چینی کرێکار هەیە. چونکە بەبێ پشتوپەنایەکی نەونەتەوەیی ئەوا پێدەچێت ێوی دەمی کۆپەکانی چینی برسی و چێسی سەرمایەداران بتوانن زۆفری پێ ببڕن و خامۆشی بکەنەوە.

دیسان دەبێت بڵێین: خودی سیستەمی ئاخوندەکان هەڵگری هەمان بنەماو پایەن کەسیستەمی سەرمایەداری لەوڵاتانی دیکەدا هەیانە، بەڵام هەریەکەو بۆشەوازو جۆرێکی تایبەتەوە. خاڵی هاوبەشی تەواوی دەوڵەتان وسیستەمە چەوسێنەرەکانیان مانەوەی چەوساندنەوەی چینایەتی و کۆکردنەوەی سەرمایە لەژێر دەستی چینەکۆمایەتیەکەدایە. لەهەر کەمگێکیش ئاست و شێوازی چەوساندنەوەکان چەنن، ئەوە وەستاوەتە سەر خودی گۆشەی پێشسازی و ئاستی خودی هۆشیاری سیاسی چینایەتی و بونی بزوتنەوە کرێکاریەکان لەو وڵاتانەدا.
سیستەمی سەرمایەداری بەڵایەکی گەورەیە بەسەر چینی کرێکارو زەرینەی کەمگەکانەوە، بۆیە تائەم سیستەمەیش بمێنێت، ئەو زەرینەیە ژگاری نابێت لەسترەس و سەرئێشەو جێنجاڵی ژیانی ڕۆژانەی.

تاهیر حاجی حەسەن
03/01/2018

لەنۆوان دوو کۆاوسوردا … عەزیز هەئووف

-کۆاوی بابانوئێل هەیە؟
+ نەخێر
- بۆچی؟
+ ئەم هەینیە مەلای مزگەوت وتی حەرامە.
ئەمە گفتوگۆی من و خاوەنی سوپەرمارکێتەکەیە کە ئەمساڵ نەك هەر کۆاوی سور بەکو لەوەدەچوو هەنگی سور لە مارکێتەکەیدا نەمابێت. ئەم دیدە بێ دژە هەنگاوەهنگی و دژ بە هەر هەوڵێکی یادکردنەوەی مەسیح" وەك یەکێك لە پێغەمبەرەکانی خودا" دیدی زۆرێك لە پیاوانی ئاینی کۆمەڵگەی ئێمەیە کە لەم خڕپیشاندانە وام تەسەور دەکرد پیاوانی ئاینی ترسی گەورە بخەنە دڵی دەسەڵات و ئەم زوڵمە قبوڵ نەکەن، کەچی نەك هەر ئەوەیان نەکرد بەکو کێی هەوڵەکانیان بێ دژایەتی ئاهەنگ و دژی سورپێش و دژ بە یادەکانی سەری ساڵ تەرخان کردبوو.
تێ وامەکە کچان وەك نەنکم بیر بکەنەوە، بەکو وەرە ڕۆژی حەزرەتی عائیشە بکە بە ڕۆژی خۆشەویستی بزانە کەس لە کۆمەڵگەی ئێمە باسی ڤالانتاین دەکا؟ تێ وەرە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر لەگەڵ نەوەی نوێدا بگونجێنە و دووری بخەرەوە لە سەربڕین و خوێن و قوربانی و خیتابی دووبارەی پیاوانی ئاینی بزانە سەری ساڵ کاڵ دەبێتەوە یان نا؟ تێ دەتەوێت کۆمەڵگە بە هەنگی هەش و هەساسی و مەرگدۆستی دابخەیت و گەنجانیش هیچ جۆرێك لە ژیانی تر تاقی نەکەنەوە؟ تێ دەتەوێت وەك پیاوی ئاینی سێ سێ و چوار چوار ژن لە ماڵەکەت ڕیز بکەیت و دەتەوێت گەنجانیش لەم نەهامەتی و خراپی ژیانەدا دابڕێ لە هەموو هەوڵێکی کرانەوە و پێکەنین و ژیاندۆستی و سور پێشی؟ بەختیار عەلی لە ئێوارەی پەروانەدا دەڵێ: دەکرێ خوا دنیای بە هەنگاوەهنگ دروست کردبێت و دژی هەنگەکان بێت؟

کۆاوی سور نافرۆشێ چونکە حەرامە، بەڵام وەاتی سین بەرماڵ دروست دەکات و دەینێرێت بۆ وەاتە ئیسلامیەکان، گرنك داهات بۆ وەاتەکەی دابین دەکات. هەندێ شتومەك دەگەنە بەندەرەکانی سنوری ئێران و وەاتی ئێرانیش یەك یەك شتەکان دادەگرێت و لێی دەنوسێت " بمرێ

ئەمریکا"، ئەمە زۆری پێ دەچێت و ئەمریکیەکان دەڵێن: کاکە ئێمە هەر لێرەوە خەمان لێی دەنوسین بمرێ ئەمریکا بەس تاخیرمان مەکەن و شمەکەکان بنێرنە ناو ئێران. ئەمە عەقڵی تیجاریە کە پیاوانی ئایینی ئێمە نە دەیزانن و نە لە هونەری پەیداکردنی داهات دەزانن، لەم عەسرەشدا لەنێوان حەرام و حەڵادا گیریان خواردووە.

لە ئێران خێپیشاندانە و زۆرینە مەینەن، بەشێك لە پیاوانی ئایینی ئێمە نە خێیان دێنە سەر جادە نە دژ بە دەسەڵات دوو حەرفی موفید دەڵێن و هەمیشە دژ بە سور و دژ بە ئەنگاوەنگن و لە هەمانکاتدا کرانەوەی دنیای ئێمە بەووی یەکسانی و هاتنە سەرشەقامی مەینە بە فەساد وەسف دەکەن.
مەلاکان دژ بە کاوی سورن، بەڵام لە ئیفراندەمدا یەك هێی پێ مەلام بینی چەپڵەیان بێ سەرکردەیەکی کاوسوری کورد لێدەدا.

ژنیش هەر پیاوە، بە پێچەوانەوەش ... هیوا سەعید

لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا لێبڕاوی ژن بە بونەوەرێکی لاواز دەبینرێ منداڵیش بە گریان و فرمێسک ڕشتنی دایکی دەکەوێتە دڵخۆشی بۆزەیی پڕهاتنەوە، بۆ پێچەوانەوە پیاو بۆ کەسێکی بەهێز تەماشا دەکرێ و منداڵ بۆ شکستی باوك تێکدەشکێ.

فرێید دەڵێ گەلی بەنی ئیسرائیل لە دەست و بازوو و هێزی موسادا وێنای خوایان دەکرد و لە خوا تێدەگەیشتن. میشێل فوکۆش دەڵێ سەرەتا وێنە مرۆڤی بە هەڵەدا بردووە و بیروباوەڕی ناڕاستی بۆ دروست کردووە.

لە میتۆلۆجیای یۆنانی لایرس پاشای شارێکە بەناوی تیبا، دوای چەند ساڵ لە مەراقی بۆ منداڵی لەگەڵ جۆکاستای هاوسەری وتوێژی ئەوە دەکەن بچێتە شاری دڵلفی لای کاهینەکانی ئەپۆڵۆ پێشبینی داهاتووی بۆ بکەن. کە دەچێ یەکێك لە کاهینەکان پێی دەڵێ ئەگەر منداڵت ببێ ئەو منداڵە تۆ دەکوژێ و دایکی خۆشی لە خێ مارە دەکاتەوە. هەرچەندە لایرسی پاشا نایەوێ ڕوبەڕوی ئەو چارەنوسە ببێتەوە، لەگەڵ

ئەوەشدا کۆکیان دەبێ بەناوی ئەدیب. بە ناچاری یەکێک لە سپێری ئەو منداڵە ساوایە ببا لە دووری ئاوەدانی فڕێبدا و لە برسان بمرێ. چارەنوس بە دڵی ئەو ناکەوێتەوە شوانێک منداڵەکە هەڵدەگرێتەوە و دەیبا بۆ شاری کڕینت، لەوێ دەیبەخشێ بە پاشای شارەکە. پاشای ئەو شارە و ژنەکەی منداڵیان نابێ، ئەدیب دەکەن بە کوڕی خۆیان.

ئەدیب گەورە دەبێ و ڕۆژێک سەرخۆشێک پێی لە دەگەیەنێ ئەو کوڕی لە ستەقینەی ئەو دایک و باوکە نییە، هەرچەند پاشا و ژنەکەی ئەو قسەیە لە تەدەکەنەوە بەس ئەو هێشتا دڵنیا نییە، بۆیاری ئەوە دەدا بچێتە شاری دڵلفی لای کاهینەکانی ئەپۆلۆ هەتا لە ڕاست و دروستی ئەو قسەیە بکۆڵێتەوە. کاهینەکە دیسان دەڵێ تۆ لە دواڕۆژ باوکی خۆت دەکوژی و دایکیشت لەخۆت مارە دەکەیەوە. تا ڕێ لەو پێشهاتە بگرێ ناگەڕێتەوە کڕینت بەکو سەری خۆی هەڵدەگرێ و ڕوو لە شاری تیبا جێی لەدایکبوون و شاری دایک و باوکە سەرەکییەکەی خۆی دەکا. کەڕ دەگاتە دەروازەی شارەکە گالیسکەیەک و چەند سەربازێک لەناو تیبا ڕادەڕن، لەو بەیەکداچوون و لێکگیربوونەدا لەسەر ئەوەی کامەیان تێپەڕ ببن دەبێتە کێشە و شەڕیان، لە شەڕەکەدا ئەدیب هەموویان دەکوژێ. دواتر بەرەو ناو شار دەبێتەوە و لە ناگا ڕێکەوتی خەڵکانێک دەکا لە شارەکە باردەکەن، لێیان دەپرسێ بۆچی دەڕۆن؟ پێی دەڵێن لە چیاکانی ئێرە دەعبایەک دێتە خوارەوە پرسیار لە خەڵک دەکا ئەوەی وەڵامەکەی نەزانێ دەیخوا.

ئەدیبیش یەکسەر دەچێتە ناو چیاکان دەعباکە دەبینێتەوە و وەڵامی پرسیارەکەی بەڕاستی دەداتەوە، لە ترسی زیرەکی ئەدیب دەعبایەکە هەڵدێ و خەڵکەکەش دەگەڕێنەوە شارەکەیان. لەبری ئەو چاکەیەدا ئەدیب بە پاشای تازەی خۆیان هەڵدەبژێرن و جێگاستای ژنی پاشا کۆنەکەش کە کوژراوە لێی مارە دەکەنەوە. لە سەردەمی پاشای تازەدا تاعونێک ڕوو لە شاری تیبا دەکا، کەسێک دەنێرن بۆ دڵلفی لای کاهینەکانی ئەپۆلۆ لە هۆکاری ئەو تاعونە بکۆڵێتەوە. کەسەکە دەگەڕێتەوە دەڵێ کاهینەکان وتیان چارەسەری ئەم تاعونە بەوە دەکرێ بکوژی پاشای پێشوو بدزرێتەوە. لەو ماوەی ئەدیبی پاشا خەریکی گەڕان و لێپێچینەوە دەبێ بەدوای بکوژی پاشا کۆنەکە هەموو ئەو نهێنییانەی بۆ ئاشکرا دەبێ کە ئەو خۆی لە دەروازەی شار لایسی پاشا (کە دەکاتە باوکی خۆی) کوشتوییەتی و ژنەکەشی (کە دەکاتە دایکی خۆی) لەخۆی مارە کردێتەوە. بە زانینی ئەو ڕاستییانە وەک شەرمەزارییەک لەو کردەوانەی هەردوو چاوی خۆی کوێر دەکات و لە

شاری تیبا دەوا.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەفسانەیە فرێید گرۆی ئێدیپ دەدۆزێتەوە، بەر لە فرێیدیش دەستێپفسکی لە ڕۆمانەکانی بەرجەستەی ئەو کارەکتەرەی گرۆی ئێدیپی هەیە کردووە، بە تایبەت لە ڕۆمانی سوک و ڕسواکان بەوەی کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەند لە منداڵییەوە بەبێ دایکی و بە چەپێندراوی لە بن دەسەڵاتی باوکێکی پارەدار گەورە دەبێ. ئەوکاتەشی بەنیازی هاوسەرگیرییە دەکەوێتە پێش دوو هەبژاردن لەنێوان خۆشەویستی کچێکی هەژار و کچێکی دەوڵەمەنددا. باوکەکە کچە دەوڵەمەندەکە بە هاوشانی خۆی دەبینێ و زۆر لە کوڕەکەی دەکا ئەویان بخوازێ، کوڕەکەش ویستی بەلای کچە هەژارەکەیە، مامەڵەی ئەو کچە هەژارە لەگەڵدا مامەڵەیەکە نازی هەڵدەگرێ و بەدەمییەوە دەچێ و چاودێری دەکا بە کورتی مامەڵەیەکی دایکانەیە. یان لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆف دەستێپفسکی لە ڕۆی سێ برای دایک مردوو (ئەلێکسی برا گچکە بەدینەکە)، (ئیڤان برا ناوەندییەی بێدینەکە) لەگەڵ (دیمیتری برا گەورەیان کە نە بەدینە نە بێدینە). دەیەوێ جگە لەوەی سەدەکانی ناوەڕاست و مۆدێرنە و پێستمۆدێرنە بخاتەووو، ئەوەشمان نیشان دەدا ئەو برا گەورەیە (دیمیتری) چۆن پیرۆزییەکان دەشکێنێ و حەز لە دەزگیرانەکەی باوکی دەکا بەبێ ئەوەی وەک ئێدیپ پەشیمان ببێتەوە یان لە شەرمەزاری ئەو کردەوەیەی خۆی کوڕ بکا.

فرێید پێیوایە منداڵ بێ ساوایی کاتێ دایکی شیری پێدەدا و ژێری پاک دەکاتەوە و لە باوەشی خۆی دەیلاوێنێ ئەو جارێ چاودێری و خزمەتکردن و نازکێشانێ هەستێک لە ناخی منداڵەکێ دەچێنێ واتەدەگا ئەو شتانێ تەنیا بێ ئەوێ و ئەو ژنێ موڵکی خۆیەتی. کاتێکیش بێ نموونە منداڵی نێرینێ دەزانێ دایکی ئەو خزمەت و نازهەڵگرتنە بێ مێردەکەشی دەدا ئیدی بێ پێدابوونی ئەو هاوبەشێ هەستی بریندار دەبێ و باوکەکێ بێ ناحەزێک دەبینێ و بێ ئاواتی لەناوچونییەتی. یان لە تەمەنێکی گەورەتردا وەک ئەو ماڵێ خانەدانانەی ڕۆدەکەوێ ئەو ژن و مێردی منداڵەکەیان لە ژوری نوستنی خۆیان دەنوێنن چاوی بەو دیمەنانەی لە سەرجێی ژن و پیاودا ڕودەدا بکەوێ. لەو تەمەنێیدا هیچ لە پێیوەندی ئەوان تێناگا هەرئەوێندێ هەست بێ تووندوتیژییەک لە جووڵە و تاودانی باوکی بێ دایکی دەکا. ئەگەر لە فرستەکیشدا بیەوێ ئەو جووڵە و تاودانەی باوکی بێ دایکی دووبارە بکاتەوێ، لەوانەیە دایکی پێی بڵێ باوکت بتبینێ چوکت دەبڕێ. ەنگە منداڵەکە بەو سەرکوتکردنێ بگاتە ئەوەی کچێکان بێیە ئێندامی نێرینەیان نییێ باوکیان لێی بێیون.

لەرەدا ئەو بانگەشتیارەی باوکی بەسەر خۆی و دایکی دەبێتە مایەی هەڵگرتنی قینەکی شاراوە لە باوکی و سازگ بۆلای دایکیدا. دواجار لەگەڵ ئەوەی منداڵەکە خۆی و دایکی وەک دوو قوربانی لاواز و ملکەچ لە بن باوکە دەسەڵاتدار و زۆفتکارەکەی دەتە بەرچاو لە هەمان کات دروستبوونی ئەم قینە لە باوک و ئەم سازە بە دایکی بەرهەمی بینین و بیستن یان وێنە و وشەیە.

جاک لاکانیش لە درێژەی ئەم باسەدا یەکەم نامۆبوون بە قۆناغی ئاوێنەیی دەگەڕێنێتەوە، ئەو قۆناغەی منداڵ خۆی نێناسیو و نازانێ ئەو کەسەی ناو ئاوێنەکە خۆیەتی، منڵ بچوکەکەی بەراورد بە وێنە گەورەکەی ناو ئاوێنەکە تێکشکاوە و لە هەوڵی ئەوە دایە بشوێکی خۆیاڵی ئەو تێکشکانە چاک بکاتەوە و ببێ بە کەسی ناو ئاوێنەکە. لە قۆناغێکی گەورەتریشدا دایک و باوک بە وشە منداڵەکیان ئاراستە دەکەن و چوارچێوەی بوونی بە دادەنێن.

ئەو بۆچوونەی فرۆید ئەوەی لێدەکەوێتەوە گرێی ئۆدیب ئەو گرێیەیە لە تەمەنی منداڵیدا لەلایەن کوڕەوە مەیلی بە دایکی هەیە و باوکی وەک بەربەستێک دەبینێ، لە ئەنجامدا قی لە باوکی وەک پیاوێک دەبێتەوە. ئەو چەپاندنەش لە داهاتوو مایەی ئەوەیە مەیلی بەلای پیاودا بکەوێ. یانی جارێکی تر ژنبوون (مێینەبوون)ی دایکی لە بەردەم باوکیدا بگێتەوە.

هەروەها جیا لە ئۆدیب، ئەڵکترا لە میتۆلۆجیای یۆناندا کچی ئاگامەمنون پاشایە، لەوکاتەی باوکی دەچێتە شەڕی تەواوە کلمنسترای دایکی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ پیاوێکی تر دادەنێ و لە گەڕانەوەی مردەکەیدا بە پیلانێک بەدەستی خۆشەویستەکەی دەیکوژێ و دەسەڵات دەگرنەدەست. لە کاردانەوەی ئەم خیانەتە لە باوکیان ئەڵکترا و برایەکەی لە دایکیان هەدەگەڕێنەوە، سزای ئەم هەگەڕانەوەیەش بە گیرانی ئەڵکترا و هەاتنی برایەکەی تەواو دەبێ. دوایی سەرەڕای ئەوەی ئەڵکترا لە زیندان بەردەبێ هەشتا لە یاخیبوونەکەی بەردەوامە و وەک ناەزایەتییەک لە دایکی پرچی خۆی دەبڕێ، ئەمجارەیان سزاکەی دەبێتە نەفیکردن. لە ماوەی نەفیبوونەکەیدا بە یارمەتی برایەکەی پیلانێک دادەنێن کلمنسترای دایکیان و خۆشەویستەکەی بکوژن، هەرواش دەکەن و ئەڵکترا بەدەستی خۆی دایکی خۆی دەکوژێ.

گرێی ئەڵکتراش ئەو گرێیەیە لە تەمەنی منداڵی لەلایەن کچەوە مەیلی بە باوکی هەیە و دایکی بە ڕگر تێدەگا، ئەو تێگەیشتنە دەبێتە هۆی

ئەوەی قسی لە دایکی وەک ژنێک ببێتەوە. دواتریش وەکو تێەکردنەوەیەک لە دایکی کە بێتە هۆی لێکردنی ئەو و باوکی حەز لە ژن دەکا. بە مانای ئەوەی جارێکی تر ێێی پیاوبوون (نێرینەبوون)ی باوکی بێ دایکی دەگێێی و بەرجەستەی دەکاتەوە.

کەچی بە لێکێێینەوەی لاکان ئەو مەیلەی کچ بەلای باوک و نیگەرانی لە دایکی لەبەرئەوەیە دایکێ خۆی فالێس (ئاوەی نییەتی) و ئاویشی بێ فالێسی هێناوەتە بوون، ناچار بێ پێکردنەوەی ئاو بشایی کچەکە لێ باوکی نزیک دەبێتەوە. واتا بوونە تێکشکاوەکەی لە پانتایی واقیعدا بەشێوەیەکی خەیاڵی چاک دەکاتەوە، چونکە حەز لەپێناو تێربوونیدا باز بەسەر واقیع دەدا و خۆی دەگەیەنێتە پانتایی خەیاڵی و پانتایی سیمبولی و جێگێکەی ئەم بەویتر و سەرتریش دەوا تا ئاژێتن و ملکەچی ئارەزوومەندانە و ئەو ئەنجامەی کە سێکس جەستە نییە، وێناکردن و خەیاڵە.

لە کێتایی میشێل فوکێ لەوە زیاتریش دەچێ و دەێێ هەگەزیش بوونی نییە، ئەم دابەشکارییە وشە دروستی کردووە. کەواتە بە گێێینی مانای وشەکان کلتوریش دەگێێ و ئەو جیاوازییە هەگەزی و جێرە وێناکردنە هەدەوەشێتەوە.

خێپیشاندانەکانی ئێران و کاریگەریەکانی لە سەر کوردستانی باشوور … عیماد عەلی

بێگومان لەبەر بەهێزی توانا و هەیکەلی چەسپیوی دەیان ساڵەی رژێمی ئێران و نەبونی پشتگیریی هێزی دەرەکی، نابیت یەکسەر چاوەڕیی دارمانی ئەم رژێمەی ئیران بکەین. ئەگەری زۆر لە دوادەرئەنجامی خێپیشاندانەکانی ئێراندا هەیە. بەڵام گرنگترینیان؛ یەکەم: دەزگاکانی رژێمی ئێران بە هەمویانەوە لە دواجاردا بەزەرەر بێ خۆیان هەموویان بیزانن و بە خێرایی سەرکوتی بکەن و وەکو جارەکانی تر وەزعەکە ئاسایی بێتەوە. دووەم: رژێمی ئێران و ناکۆکیە نێوخێیەکانی خۆیان وا فەرزبکات هەندێك درێژەی پێبدەن و بەهێواشی

دەردانەکانی لەخۆبگرن و سیست بێتەوە، بە مەرجێك هاوکێشە نوخێیەکان گۆرانکاریەکی خیرا لەخۆ بگرێت و لایەکیان قازانجی زیاتر بکات. سێیەم: خۆپیشاندانەکان گەورە ببنەوە و هێزە ناکۆك و ململانێکەرەکان قازانجی لێبکەن و هەر لایە و بە مەرام و ئامانجی خۆی بەکاری بێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت زاڵ بێت بەسەر لاکەی تردا و قۆرخی وەزعە سیاسیە عەسکەریەکە بکات، بەڵام لە دواجاردا لەدەست دەربچێت. چوارەم: ئەگەری زۆر دووری کۆتایی خۆپیشاندانەکە بەوە تەواو بێت کە رژێمی ئێران توشی داهێزران و داروخان بێت و لەناوبچێت .

دیارە بە یەکلا کەوتنەی هەر ئەگەرێك کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر ناوچەکە و لەو نێوەندەشدا بەرگەلانی ناوچەکە بەگشتی لە لایەکەوە و کوردیش وەکو ئەوانی تر لە وڵاتانی ناوچەکە و، کوردستانی باشووریشی بەردەکەوێت و، لە لایەکی ترەوە بە تایبەتی کاریگەریی خۆی لەسەر کوردستان بە گشتی و کوردستانی باشوور بە تەنها و تایبەتی جێدەهێڵێت.

هەر چۆنێك بێت، پێش هەموو شتێك مەشغوڵ بونی ئێران بە باری نێوخۆی خۆیەوە وادەکات وەزعی عیراق لە ترسولەرزدا دەبێت و چاوەروانی دەرئەنجامەکانی دەکات و هاوکێشە نوخێیەکانی تێکەڵ دەبن و لەوبەینەشدا لە مەودای نزیکدا دەرهاویشتەکانی بە ئەرێنی بۆ پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و ناوەندی عیراق دەکەوێتەوە و وا فەرزدەکات کە رژێمی عیراق ئەگەرەکان لەبەرچاو بگرێت و بۆ نزیکبونەوە لە هەرێمی کوردستان هەندیك هەنگاو بنێت. ئەو فشار و هەژمونەی ئێران و دەستوەردانەکانی بۆ کاتێکی دیاریکراو دوادەخرێت، یان کەم دەبێتەوە و، تاوەکو کۆتا مەودا سەرجەم کارلێکەکان لەیەك دەدەن و دواجار بەلایەکدادەکەونەوە. بۆ هەورکردنەوەی وەزعەکە لە کوردستانی رۆژهەڵات، ئێران بەتەواوی بەرامبەر کوردستانی باشوور نەرمی دەنوێنێت و کردنەوەی دەروازە سنوریەکان بەو پەلەپەلە بەگەی ئەم بۆچونەیە.
هەوڵستی ئێران لەمەر پەیوەندیەکانی هەرێم و ناوەندی عیراق گۆرانکاری بەسەردا دێت و بە لایەنی ئەرێنی بۆ کورد دەکەوێتەوە و لە دواجاردا ئەگەری نزیکبونەوەی هەر سێ لایەن زۆر نزیك دەبێتەوە .

گرنگترین دەرکەوتەی ئەم خۆپیشاندانەی ئێران لەسەر خودی رژێمی ئێران بە گشتی ئەوەیە کە ئیتر ناتوانێت ویستی گەلانی ئێران لەبەرچاو نەگرێت و لەو بەینەشدا کوردی رۆژهەڵات و تەنانەت هەرچوار پارچەکە قازانجی تایبەتی خۆی دەکات و کوردانی کوردستانی

ڕۆژهەڵاتیش دەرفەتی تایبەتی خۆیان بۆ جموجۆ و خۆسەپاندنی ویستی خۆیان لە حاڵەتی ئەگەری یەکەم و دووەمدا زۆر دەبێت، بەڵام لە حاڵەتی ئەگەرە دوورەکە کە داروخانی رژێمی ئێرانە، زۆرێك ئەگەری تایبەتی لەمەڕ پرسی کورد دێتە ئاراوە، کە خراپترینیان لەم حاڵەی ئێستایان لەم قۆناغەدا باشتر دەبێت و کوردی هەرچوار پارچەکەش قازانج دەکات، بەڵام ئەمەش لە پاش کوردستانی ڕۆژهەڵات، کوردستانی باشوور زۆرترینی لایەنە ئەرێنیەکەی بەردەکەوێت.

زۆردەخەنەی دایکم … چرۆ زەند

کاتێ زۆر پێش دروست بوونی کۆمپیوتەر بوو
ئۆوکاتەی یەک تەلەفۆن و یەک تەلەفزیون هی خەمانە گەرەکمان بوو،
لەوکاتەدا باوکم نیشتمان بوو،
دایکم پایتەختی نیشتیمان
باوکم بڕوا بەر بوو
دایکیشم کابان
هەندێ جارچاکەتی خوشکەکم لە بەردەکرد
سوراوی خشکەکەی دیم دەکرد
برایەکم سیاسەتی دەکرد، ئۆتر ئەدازیار
برای بچووکەم سەرقاڵی گەمەکان.
ئۆوسا ماڵێ گەورەکمان ماڵی هەموومان بوو
ماڵی سیاسی، نەدار، شاعرو بەهرەدار، ماڵی هاوڕێ و هی خاوان
لەبەر فرێ میوان، جیگەمان نەدەبوو لە سەرخوان
حەوش و بان ،سەر سەکۆ و داڵان دەبوو جیی نوستنمان
ئیستا دایکم، ئادووستی لەبەردەم ژوورێ چۆڵکان
بۆنی عەتری هەریەکەمان بۆشایی ژوورێک پەدەکات
لەوانی پەرداخیک سوراوێک و جێی یادگاری ئۆوی دیمان
پەرتووک و پارچە مۆسیقایەك وگۆشەی گوڵێ بۆشاییەکی دی ماڵەکە داگیر دەکات.
لەبەردەم ژوورەکەی باوکمدا ئادەبوري، بۆوحی ئۆو شاد دەبێت
بۆخۆیان لەگڵ باوکم بە دزییەک لەو قەرەباڵغیەدا، سەمایەك دەکات
لەو خۆیاڵدا دایکم زۆردەخەنەیەکی لەسەر لەو بوو
لەو خۆیاڵدا دایکم لە هەموو کات دڵخۆش تربوو

لە خەیاڵی ئۆکاتەی مالە گەورەکە مانی هەموومان بوو.

Dec 11, 2017
Canada
Zandchro@hotmail.com

یادی تیرۆرکردنی سێ خانمی کوردو چالاکوانی جوڵاوەی ژنگاری خواز

١ / -ساکینە جانسیس
٢ / -فیدان دەغان
٣ / -لیلی شیلمز

لە (٩ / ١ / ٢٠١٣) سێ ژنە چالاکوانی کورد لە پاریس لە لایەن چەند کەسانێکی تیرۆرستەوە تیرۆرکران جێگای داخە تا ئێم ساتە وەختەش بکۆژانی ئەو کارە تیرۆرستیە روون نیە کێیە، بە بڕیاری ئێژی هەینی لە هەر وەاتێکی ئەوروپاو جیهان کوردانی چوارپارچەی کوردستان بەتایبەت باکورو خۆر ئاوا بڕشدار دەبن لە خۆپشاندانی بۆرفراوان لە وەاتی فەرەنسا شاری پاریس . خۆپشاندانەکە لە شوێنی نوسینگەی ساکینە جانسیس و هاوڕێکانی شوێنی تیرۆرکردنیان دەس پێدەکات لە ئێژی 6 / 1 / 2018 کاتژمێر 10:00ی پێش نیوەڕۆ .
بە مەبەستی چون پێیوەندی بکەن بە ڕێکخراوەکانی کوردانی خۆر ئاواو باکوری کوردستان لە ولاتانی دەرەوە ، لەسەر ئاستی باکوری ئەمانیا پێیوەندی بکەن بە
چالاکوانی کورد ئێژنامەنوس فەرێدون کونجرینی

پەرتووک ... ڕەستەم خامۆش

پەرتووک هاوڕێی شیرینم
چەند خۆشە کە دەتبینم
دەتگرم بە دوو دەستم
کانگای هیواو مەبەستم

پەرتووک ڕۆشنایی بیرم
باشترین گۆشەی ژیرم
لە خوێندنگا ، یان لە ماڵ
هەر تەی لە بیرو خەیاڵ

پەرتووک هێزی هۆشیاریم
چرای کاتی بێدارییم
ئەی ووناکی ژیانی من
خۆشەویستی گیانی من